# ئاوی دەریا ئاوێکی پاککەرەوەیە، ومردارەوە بووی دەریایش حەڵاڵە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە سواری کەشتی دەبین لەسەر دەریا، وهەندێک ئاو لەگەڵ خۆمان دەبەین، ئەگەر دەستنوێژ بگرین بەم ئاوە تینوومان دەبێت، ئایا دەکرێت بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاوی دەریا ئاوێکی پاککەرەوەیە، ومردارەوە بووی دەریایش حەڵاڵە».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد)]

پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كرد، ووتی: ئێمە لەنێو دەریادا سەفەر دەكەین بۆ ڕاو وبازرگانی وهتد، وكەمێك ئاو لەگەڵ خۆمان دەبەین كە بۆ خواردنەوە دەشێت، ئەگەر ئاوی خواردنەوە بۆ دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن بەكاربهێنین؛ ئەوا ئاوەكە نامێنێت ئاوی شیاومان دەستناكەوت بۆ خواردنەوە، ئایا دروستە بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئاوی دەریا؛ فەرمووی: ئاوەكەی پاك وپاككەرەوەیە؛ دروستە بۆ دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن بەكاربهێنرێت، وخواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی لە دەریادا دەژی دروستە وحەڵاڵە وەكو ماسی ونەهەنگ وهتد، ئەگەرچیش سەرئاو بكەون وبە مردوویی بدۆزرێنەوە لەسەر دەریا بەبێ ڕاوكردن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8355